Vision Foundation

for Strategic Studies

# هەواڵنامە

هاوینی ٢٠٢٥

١ی تەمموز – ٣٠ی ئەیلول

## پەیامی دامەزراوە

### لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

ئەم هەواڵنامەیەی لەبەردەستی بەڕێزتانە، هەواڵنامەی وەرزی هاوینە لە ساڵی ٢٠٢٥ کە بڵاوی ئەکەینەوە، لە کاتێکدا دامەزراوەکەمان بە ئەوەی بەگەرم و گوڕیەوە هەنگاومان ناوەتە ساڵی دووەمی کارکردنمانەوە، بە چەندین پلانی ستراتیجی گەورەوە، کە بەهیواین هەمووی بڕژێتە جۆگەی ئامانجە سەرەکیەکەمان، لە خزمەتکردنی کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو بەشداری کردن لەبەهێزکردنی دامەزراوەکان و پێشکەشکردنی نەخشە ڕێگای گونجاو بە هاوکاری و بەشداری دامودەزگا پەیوەندیدار و کەسانی پسپۆڕ و دڵسۆز.

ئەوەی جێگای دڵخۆشیمانە، لە یەکەم ساڵی تەمەنی دامەزراوەکەماندا، بەشێکی گرنگ لە پلانەکانمان جێبەجێ کراون یان بەرەو جێبەجێ بون ئەڕۆن.

خاڵێکی گەشی ساڵی یەکەمی کارکردنمان، بەدەمەوە هاتن و هەماهەنگی و کاری پێکەوەییە، لەگەڵ کەرتە حکومی و خزمەتگوزاریەکان و ناوەندە زانستیەکانیەکانی وەک زانکۆکان. ئەمە هەم جێگای دڵخۆشی و هەمیش ئاماژەیە بۆ یەکتر تەواوکردن و ئەرکی هاوبەشی دامەزراوەکان و کۆمەڵگای مەدەنی, لەگەڵ ناوەندە حکومی و زانستیەکان، لە پێناو کارکردنی هاوبەش لەسەر پرسە بنچینەییەکانی کۆمەڵگا و هەنگاونان بەرەو قۆناغ و سەردەمێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵگەکەمان، کە بەدڵنیایەوە هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنێکی ورد و پتەوتر دەخوازێت.





## دیدگا و پەیامی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەک ناوەندێکی بیر وتوێژینەوە، هەر لەسەرەتاوە بەمەبەستی کارکردن لەسەرپایە بنەڕەتییەکانی گەشەدان و بەهێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگە دروست بوو، لەسەر بنەمای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، هەر بەوئاڕاستەیەش کار دەکات.

بۆ دامەزراوەیەک کە دیدگا لەسەربەشداریکردنی چالاکانەیە، لەچارەسەرکردنی کێشەکان و برەودان بە چاکسازی لە کاری دامەزراوە و سێکتەرەجیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، دەبوو تیشکۆی کارکردنی بەئاڕاستەی ئەوپرسانەدا بێت کە خزمەت بە دروستبوونی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزار و مۆدێرن دەکەن.



## ئامانجەکانی داهاتوومان

کار لەسەر بەهێزکردنی گفتوگۆ دەستووریی، ئابووری، دارایی وکۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و هەرێم بەگشتی دەکەین، لەپاڵ هەوڵەکانی دامەزراوەکانی تر، دەمانەوێت ڕۆڵمان هەبێت لە گەشەپێدان وچارەسەری گونجاو و سەردەمییانە بۆ هەمووئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا،پێویستە لەوەتێبگەین لە ئێستادا ئێمە بەشێکین لە تەونی سیاسی، دیبلۆماسی و ئابووری عێراق،دەبێت ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن بە ئاڕاستەی بەهێزکردنی هەرێمەکەمان ودامودەزگاکان و بەرەودان بە گەشەسەندن، وەبەرهێنان و بووژانەوە ببەین. بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزکردنی تواناکانی ئێرە و نەخشییان لە دیاریکردنی ئایندەدا.

## هەنگاوەکانمان

- بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە ڕەنگرێژکردن و هەماهەنگیکردن و بەشداریکردن لە سیاسەتە ستراتیجییە گشتییەکاندا.
- هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی پلانی ستارتیجی و ڕاسپاردە و نەخشەرێگای کرداری.
- بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و حوکمڕانی.
- ئایندەسازی بۆ نەوەکانی داهاتوومان.



## هاوبەشەکانمان

هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوەکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگە گرنگ وپێویستن. لەهەمانکاتیشدا، برەو بە هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە وخانەکانی بیر دەدەین، جا چ لەناوچەکە و هەرێم، یاخود لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندابن.



# گرنگترینەکان



سەرۆک کۆماری عێراق پێشوازی لە
شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



کۆبونەوەیەکی راوێژکاری لەبارەی پرسە دارایی
و دەستورییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە
دامەزراوەی ڤیژن بەڕێوەچوو



قوباد تاڵەبانی بۆ دامەزراوەی ڤیژن:
پردێک بن لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەت



گفتوگۆیەکی کراوە دەربارەی ئاڵنگارییەکانی
بەردەم زمانی کوردی بەڕێوەچوو





# سەردانەکان

## وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



ڕۆژی 6ی تەمموزی 2025 دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دەستەی کارگێڕی، پلانەکانی وەزارەتەکەی لە ژێر کابینەی نۆیەمدا خستەڕوو، کە بریتین لە پڕۆژە گەورەکانی ڕێگاوبان و ڕێگای نوێی گوندەکان و هێڵی شەمەندەفەری ناوخۆیی. هەروەها گفتوگۆکە پڕۆژەی ڕێگای عێراق – تورکیای گرتەوە.

## ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق لەگەڵ دامەزراوەی ڤیژن کۆدەبێتەوە



ڕۆژی 3ی ئەیلولی 2025 قاسم ئەلعەرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق لەگەڵ عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و شاندەکەی یاوەری کۆبووەوە. باسیان لە بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دامەزراوەکانی ڕاوێژکاری و توێژینەوە کرد لە ڕێگەی هاوبەشکردنی بیرۆکە و پێشنیاری پراکتیکی، کە گرنگی بە ئاسایش، تەندروستی، ئاو، و وزە دەدەن. ئەلعەرەجی پابەندبوونی خۆی بە هەماهەنگیی نزیک لە پڕۆژە ستراتیژییەکان بۆ خزمەتکردنی وڵات و گەلەکەی دووپاتکردەوە.

## قوباد تاڵەبانی بۆ دامەزراوەی ڤیژن:
## پردێک بن لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەت

ڕۆژی 8ی تەمموزی 2025 قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. ناوبراو ستایشی توێژینەوەکانی ڕێکخراوەکەی کرد و داوای لێکرد وەک پردێک لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەتدا مامەڵە بکات، گرنگی بە پێداویستییەکانی خەڵک و قەیرانە سەرەکییەکان بدات. ناوبراو تیشکی خستە سەر ئاستەنگە ژینگەییەکان، داواکارییەکانی هاووڵاتییان، و چاکسازیی دامەزراوەیی، هەروەها ئامادەییشی دەربڕی هاوکاریی تەواوی دامەزراوەی ڤیژن و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکات، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە کێشەکان و دۆزینەوەی دەرفەتەکان و چارەسەرەکان.










## وەفدێکی کونسوڵخانەی هۆڵەندا
## سەردانی ڤیژن دەکات

ڕۆژی ١١ی ئابی ٢٠٢٥ شاندێکی کونسوڵخانەی هۆڵەندا کە پێکهاتبوون لە ئەفسەری سیاسی سیسکا دی ڤێڵد و ڕاوێژکاری سیاسی و ئابووری نالی یوسف، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. کورتەیەک لە چالاکییەکانی دامەزراوەکە و پلانەکانی داهاتوویان پێدرا، سەرسامی خۆیان بۆ کارەکانی دەربڕی و پشتگیری خۆیان بۆ سەرکەوتنە بەردەوامەکانی گەیاند.







## دوای پرۆژەیەکی ڤیژن، کەموکوڕییەکانی نەخۆشخانەی هیوا چارەسەر کران




ڕۆژی 19ی تەممووزی 2025، دوابەدوای سیمینارێک کە لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەسەر ئاستەنگەکانی کەرتی تەندروستی ڕێکخرابوو، چەند وەبەرهێنەرێک لە سلێمانی بەڵێنیان دا کە چارەسەری کەموکورتییەکانی نەخۆشخانەی هیوا بکەن.

## ڕێکخراوی هیوا فاوندەیشن سەردانی ڤیژن دەکات



ڕۆژی ٢٢ی تەمموز ٢٠٢٥ وەفدێکی دەزگای هیوا سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد و لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری کۆبووەوە. شاندەکە تێڕوانینێکی گشتییان لە چالاکییەکانی هیوا پێشکەش کرد، لەوانەش بڵاوکردنەوە، ڕاهێنان، و بەرنامەکانی هۆشیاری گشتی. هەردوولا پێزانینیان بۆ کارەکانی یەکتر و ئامادەیی بۆ هاوکاریکردن لە پرۆژە و دەستپێشخەرییەکانی داهاتوودا دەربڕی.

## بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم سەردانی ڤیژن دەکات



ڕۆژی 31ی تەممووزی 2025، ئیحسان عەبدولڕەحمان بابان، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کرد. ئەو ستایشی هاوکاری دامەزراوەکەی لەگەڵ CDO و هەڵمەتەکەی کرد لە ڕۆژی نێودەوڵەتی دژی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، جەختی لەسەر گرنگی کاری هاوبەش و هەماهەنگی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە کردەوە.



## د. نەرمین مەعروف سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



ڕۆژی ١٧ی ئابی ٢٠٢٥، د.نەرمین مەعروف ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. گفتوگۆکان تیشک خرایە سەر کێشە داراییە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەردوولا جەختیان لەسەر پێویستی هۆشیاری و ڕاسپاردەی هاوبەش و چارەسەری کردەیی کردەوە. دکتۆر مەعروف ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکە دەربڕی.

## پەیمانگای ناشناڵ بۆ تەکنەلۆجیا ئامادەیی دەربڕی بۆ هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ ڤیژن



ڕۆژی ١٧ی ئابی ٢٠٢٥، د.حاکم عوسمان بەڕێوەبەری پەیمانگای نیشتمانی تەکنەلۆجیا، لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی پەیمانگاکە سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. باسیان لە هاوکارییەکانی داهاتوو کرد لە توێژینەوەی زانستیدا، سەرۆکی دامەزراوەکە عەدنان عوسمان جەختی لەسەر ڕۆڵی دامەزراوەکە کردەوە وەک ناوەندێک کە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە حکومییەکان لە ڕێگەی توێژینەوە و گفتوگۆوە لە دەرەوەی حزبایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

## وەزیری دادی عێراق و دامەزراوەی ڤیژن کۆبوونەوە



ڕۆژی 3ی ئەیلولی 2025، دکتۆر خالید شوانی وەزیری دادی عێراق پێشوازی لە شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر پەتەوکردنی هاریکاری نێوان دامودەزگاکانی حکومەت و ناوەندەکانی توێژینەوە، گفتوگۆکردن لەسەر ئاستەنگە دەستوورییەکان، فیدرالیزم، و لامەرکەزی، هاوکات جەخت لەسەر گرنگی هەوڵە هاوبەشەکان بۆ دیراسەکردنی قەیرانەکان و پێشنیارکردنی چارەسەرەکان کرایەوە.

## ڕێکخراوی نیشتیمان بۆ هەمووان لەگەڵ دامەزراوەی ڤیژن کۆبوونەوە




ڕۆژی 24ی ئابی 2025، ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی نیشتمانی بۆ هەمووان بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگی دامەزراوە توێژینەوەکان لە دەستنیشانکردنی کەموکورتی و چارەسەرەکان، هەردوولا جەختیان لە هەماهەنگی و چالاکییە هاوبەشەکانی داهاتوو کردەوە.

## سەرۆک کۆماری عێراق پێشوازی لە شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن دەکات




ڕۆژی 3ی ئەیلولی 2025، د.لطیف رشید سەرۆک کۆماری عێراق جەختی لە گرنگی هاوکاری نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و جێبەجێکردنی دەرئەنجامی توێژینەوەکان بە کردەیی و بەهێزکردنی پەیوەندییە کولتوورییەکانی عەرەب و کورد کردەوە. بەڕێز سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن عەدنان عوسمان سوپاسی سەرۆک کۆماری کرد بۆ پشتگیرییەکانی و تیشکی خستە سەر کارەکانی دامەزراوەکە لە توێژینەوە، سیمینار، دیالۆگ، و وەرەقەی سیاسەت بۆ بڕیاردەرانی بەغدا و هەرێمی کوردستان.

## دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ دامەزراوەکانی بەغداد کۆدەبێتەوە

لە ٨ی ئەیلولی ٢٠٢٥ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ ناوەندە دیارەکانی توێژینەوە لە بەغدا کۆبووەوە، لەوانە ناوەندەکانی بەیان، ڕافیدەین، نەهرەین، ڕەشید، و ئەلبەهر ئەلولوم. گفتوگۆکان تیشکیان خستە سەر بەهای ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی و هەماهەنگی و توێژینەوەی هاوبەش. هەردوولا پێشنیاری واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان کرد بۆ هاوکاریکردن لەسەر پڕۆژەکان لە سەرانسەری شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ نەخشەڕێگایەک بۆ دەستپێشخەری و ڕووداوەکانی داهاتووش خرایەڕوو.








# یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن













## دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی چەرموو یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان ئیمزا کرد

لە ٢٤ی تەمموزی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و زانکۆی چەرمو یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد بۆ بەهێزکردنی هاوکاری لە توێژینەوە، پەرەپێدانی بەهرە، و پڕۆژە هاوبەشەکان. لە مەراسیمەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگی هاوبەشی نێوان زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە و جەخت لەسەر دەرفەتەکان کرایەوە بۆ پاڵپشتی زمانی کوردی و پێشخستنی هەردوو دامەزراوەکە لە ڕێگەی شارەزایی هاوبەشەوە.

## دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان ئیمزا کرد

ڕۆژی 4ی ئابی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان واژۆ کرد بۆ پێشخستنی هەماهەنگی و پڕۆژەی توێژینەوەی هاوبەش. لە مەراسیمەکەدا، عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن جەختی لە گرنگی دروستکردنی هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییەکان کردەوە وەک بەشێک لە پلانی ستراتیژی دامەزراوەکە.

## دامەزراوەی ڤیژن و ناوەندی نەهرین یاداشتنامەیەکیان واژۆکرد

ڕۆژی 15ی ئەیلولی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ناوەندی نەهرەین بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لە بەغدا واژۆکرد. ڕێککەوتنەکە چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری نزیکتر لە نێوان هەردوو دامەزراوەی بیرکردنەوە دادەمەزرێنێت، بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ توێژینەوە و پڕۆژە و چالاکییە هاوبەشەکان لە سەرانسەری عێراقدا. جەخت لەسەر دەستنیشانکردنی ئاستەنگە سەرەکییەکان و پەرەپێدانی چارەسەری کاریگەر دەکاتەوە لە ڕێگەی هەوڵە هاوبەشەکانەوە.

## زانکۆی کۆیە و دامەزراوەی ڤیژن یاداشتنامەیەک واژۆ دەکەن

لە 16ی ئەیلولی 2025، زانکۆی کۆیە و دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە هەردوولا لە پرۆژە و توێژینەوەی هاوبەشدا هاوکار دەبن، هەروەها چالاکی زانستی و ڕۆشنبیری ڕێکدەخەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی چارەسەر بۆ ئاستەنگە بەردەوامەکان.

# چالاکییەکان

بەشێک لە چالاکییەکانی چەند مانگی ڕابردوومان نموونەیەکن لەگرنگیپێدانی دامەزراوەکەمان بەو پرسانەی لەئێستادا گرنگن بۆ کارلەسەرکردن. ئێمەخۆمان بە بابەتێکی دیاریکراوەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو کارکردن لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی وەک: یاسایی، سیاسی، ئابووری، دارایی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە بە کاری لەپێشینەی خۆمان دەزانین و بەگوێرەی توانا، بوار و لەپێشینەبوونی هەنگاوەکانمانی لەسەر چڕ دەکەینەوە.

## جەنگیز چاندار: ئێستا قۆناغی سەرەتای دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کوردە

لە ٣ی تەمموزی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی میوانداری گفتوگۆیەکی ئۆنلاینیان لەگەڵ نووسەر، ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی تورک جەنگیز چاندەر کرد. ناوبراو گفتوگۆکانی ئێستای نێوان کورد و تورکیای بە پرۆسەیەکی نوێی ناوازە وەسف کرد، کە سەرەتای چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە بۆ پرسی کورد، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە هێشتا کاری زۆر لە پێشە.



## دامەزراوەی ڤیژن بەشداریی لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە هەڵبژاردنی داهاتوی عێراق کرد

ڕۆژی 15ی تەمموزی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی بەشداریی لە وۆرکشۆپێکدا کرد لە شاری هەولێر بەناونیشانی "پاراستنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ژینگەی زانیاریدا". ئەم چالاکییە کە لەلایەن ئایدیای نێودەوڵەتی بە پاڵپشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕێکخرابوو، نەتەوە یەکگرتووەکان، ئایدیا، تۆڕەکانی چاودێری هەڵبژاردن و گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆکردەوە. گفتوگۆکان لەسەر شەفافیەت و هاوکاری و دروستکردنی متمانە.



## دامەزراوەی ڤیژن بەشداریی لە سیمپۆزیۆمی بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەکات

ڕۆژی 17ی تەمموزی 2025 وەفدێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی بەشدارییان لە سیمپۆزیۆمێکدا کرد لە شاری هەولێر تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، کە لەلایەن لیژنەی باڵای مادده هۆشبەرەکان و تێکچوونی تەندروستی دەروونییەوە ڕێکخرابوو. شانبەشانی لێدوانە فەرمییەکان و ڕاپۆرتێک سەبارەت بە خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەکە نەخشەڕێگای بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان خستەڕوو، کە بە هاوکاری ڕێکخراوی CDO ئامادەکرابوو.







## د. سەباح هەورامی: "لەڕووی داراییەوە کەرتی تەندروستی لە قەیرانێکی گەورەدایە"

لە 19ی تەمموزی 2025، دامەزراوەی ڤیژن سیمینارێکی بەناونیشانی "کەرتی تەندروستی لە نێوان ئاستەنگەکان و دەرفەتەکانی گەشەپێدان" ئەنجامدا. د.سەباح هەورامی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، تیشکی خستە سەر قەیرانی دارایی کەرتەکە و کەمیی بودجەی گەشەپێدان، هاوکات ئاماژەی بە پێشکەوتنەکانی وەک دابەزینی تووشبوون بە تالاسیمیا بۆ سفر کرد. داوای کرد خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان بخرێتە ناو قوتابخانەکان و پێشخستنی گۆڕینی دیجیتاڵی و پێگەی سلێمانی وەک ناوەندێک بۆ گەشتوگوزاری پزیشکی. ئەم چالاکییە کە بەشێکە لە پڕۆژەی چاوی کراوە، ئامانجی پەرەپێدانی شەفافیەت و بەشداریکردنی گشتی بوو.



## نەواف کڵچ: بەم نزیکانە بازرگانانی تورکیا پرۆگرامی تایبەتیان دەبێ بۆ سلێمانی

لە 22ی تەمموزی 2025، نەواف کلیچ سەرۆکی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پیشەسازی و بازرگانان لە تورکیا، لە سیمینارێکی ئۆنلاین کە لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سازکرابوو لەسەر "پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا: تەحەددا و چارەسەر". جەختی لە گرنگی سلێمانی بۆ وەبەرهێنەرانی تورکیا کردەوە، پلانەکانی بۆ دەستپێکردنی بەرنامەی بازرگانی و وەبەرهێنان بۆ سلێمانی و هەڵەبجە ڕاگەیاند، هیواشی دەربڕی بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەی سلێمانی بە گەشتی ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا.



## کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن گفتوگۆی لەبارەوە کرا

لە 28ی تەمموزی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی فۆکەس گروپێکی لەسەر "زانیاری هەڵە، زانیاری ناڕاست و قسەی ڕقاوی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا" لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، میدیا و پسپۆڕانی یاسایی ڕێکخست. لە گفتوگۆکەدا لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی زانیاریی درۆ کرا، بەتایبەتی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە، و کاریگەرییەکانی لەسەر متمانەی دەنگدەران. بەشداربووان پێشنیاری هەڵمەتی هۆشیاری و ڕێنمایی ڕۆژنامەنووسان و ڕێوشوێنی دیکەیان کرد، لەگەڵ دامەزراوەکە پلانی توێژینەوەیەکی ستراتیژی و پلانی کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە.

## راگەیاندنی دوو نەخشەڕێگ بۆ (پڕۆژەی رووناکی) و (ریفۆرمی کەرتی تەندروستی)



لە 18ی ئابی 2025، لە چوارچێوەی پڕۆژەی چاوی کراوە، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دوو نەخشەڕێگای سەبارەت بە کەرتی کارەبا و چاکسازی لە کەرتی تەندروستی ڕاگەیاند. توێژینەوەکان کە لەلایەن توێژەرانی ڤیژنەوە ئامادەکراون، چارەسەری ستراتیژی کورتخایەن و درێژخایەنیان بۆ ئاستەنگەکانی سلێمانی خستۆتە ڕوو. پڕۆژەی چاوی کراوە هەوڵدەدات دامەزراوە حکومییەکان بە کەسانی پسپۆڕ و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ببەستێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی شەفافیەت و ئەدای کارکردن.

## ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی کەمی ئاو و وشکەساڵی لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەبارەوە کرا



لە ٧ی ئابی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی فۆکەس گرووپێکی لەسەر "کەمی ئاو و وشکەساڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق" ڕێکخست. بەرپرسان و پسپۆڕان و ئەکادیمییەکان باسیان لە هۆکار و کاریگەرییەکانی وشکەساڵی کرد و جەختیان لەسەر نەبوونی هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پێویستی هۆشیاری زیاتری گشتی کردەوە. ئەو تێگەیشتنانەی کە کۆکراونەتەوە پشتگیری لە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکەن بۆ پەرەپێدانی چارەسەری پراکتیکی.

## کۆبونەوەیەکی راوێژکاری لەبارەی پرسە دارایی و دەستورییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە دامەزراوەی ڤیژن بەڕێوەچو



ڕۆژی 21ی ئابی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی سەبارەت بە پرسە دارایی و دەستوورییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرد. کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران و شارەزایانی دارایی و یاسایی، تیشک خرایە سەر پێشهاتەکانی ئەم دواییە و تەحەددیات و ئەگەری چارەسەری بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.

## دووەم فۆکەس گروپی دامەزراوەی ڤیژن لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی ناڕاست بەڕێوەچوو



لە ٢٤ی ئابی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی دووەم فۆکەس گرووپی خۆی لەسەر "زانیاری هەڵە، زانیاری ناڕاست و قسەی ڕقاوی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا" ئەنجامدا. بەشداربووان باسیان لە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی هەواڵی درۆ کرد، بەتایبەتی لەسەر هەڵبژاردنەکان، لەگەڵ سۆشیال میدیا کە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی دەستنیشانکرا. پێشنیارەکان بریتی بوون لە دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیاری لە ڕێگەی قوتابخانە و زانکۆکانەوە.

## توێژینەوەیەک لەبارەی دیاردەی بێکاریی خانمان ئەنجام دەدرێت



لە ٢٤ی ئابی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆبووەوە بۆ پلاندانان بۆ پڕۆژەیەکی توێژینەوە بە ناوی "بێکاری ژنان: هۆکار و دەرفەتەکان." توێژینەوەکە کە تیشک دەخاتە سەر پارێزگای سلێمانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی خامون و دامەزراوەکانی دیکە ئەنجام دەدرێت بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی بێکاری ژنان و گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی دامەزراندنیان.



## دامەزراوەی ڤیژن بەشدار بو لە پڕۆژەی (پاراستنی پڕۆسەی هەڵبژاردن لەژینگەی زانیاریەکاندا)



لە 26-27ی ئابی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەشداری لە وۆرک شۆپێکدا کرد لە هەولێر سەبارەت بە یەکپارچەیی هەڵبژاردن و بەشداریی دەنگدەران، کە لەلایەن ئایدیای نێودەوڵەتی بە پاڵپشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕێکخرابوو. لە وۆرک شۆپەکەدا هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگایەک خرایەڕوو کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران و دڵنیابوون لە شەفافیەت و بەهێزکردنی متمانەی گشتی بە هەڵبژاردنەکانە.

## گفتوگۆیەکی کراوە دەربارەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی بەڕێوەچوو



لە ٢ی ئەیلولی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی گفتوگۆیەکی کراوەی بە ناونیشانی "سیاسەت و پلاندانانی زمان لە سەردەمی جیهانگیریدا" ڕێکخست، بە بەشداری ئەکادیمیستەکان، ڕۆشنبیران، و ڕۆژنامەنووسان. دانیشتنەکە لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر جەعفەر شێخولئیسلامی موکری زماناس و مامۆستا لە زانکۆی کارلێتۆن لە کەنەدا پێشکەشکرا.

## مەترسیەکانی مادە قرکەرەکان لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵیەکان گفتوگۆی کرا



لە ٧ی ئەیلولی ٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی مێزگردێکی سەبارەت بە کاریگەریی قڕکەر و ماددە کیمیاییەکان لەسەر کشتوکاڵ و تەندروستی گشتی سازکرد. نوێنەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ، پسپۆڕان، و لایەنە پەیوەندیدارەکان باسیان لە سەرچاوەکانی وەک قاچاخ و بەکارهێنانی ڕێکنەخراو کرد، تیشکیان خستە سەر مەترسییەکانی سەر کوالیتی بەرهەم، خاک، ئاو، و تەندروستی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان.

## سەکۆیەک بۆ راستی و بەربەستێک بۆ چەواشەکاری دامەزرا



ڕۆژی 27ی ئەیلولی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بە هاوبەشی لەگەڵ سەنتەری ستراتیژی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە بەغدا، دەستپێکردنی پرۆژەیەکی بۆ دامەزراندنی پلاتفۆرمێک بۆ چاودێریکردنی بڵاوبوونەوەی زانیاریی ناڕاست و زانیاری نادروست کە زیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەگەیەنێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕاگەیاند.

## پانێڵێک دەربارەی هۆکارەکانی پەکخستن و لاوازبوونی پەرلەمان رێکخرا



دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە هاوبەشی لەگەل ڕێکخراوی نیشتمان بۆ هەموان، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢٥ پانێڵێکیان دەربارەی ئایندەی کاری پەرلەمانی و مەدەنی لە هەرێمی کوردستان ڕێکخست. لە پانێڵەکەدا هەریەکە لە بەڕێزان ئەبوبەکر هەڵەدنی مافناس، دکتۆر سەروەر عەبدولڕەحمان سەرۆکی دامەزراوەی پەی، عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەک پانیڵست باسیان لە پێویستی بوونی پەرلەمانێکی کارا و بەهێزکرد، بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان.

# نوێترین لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن ، کۆمەڵێک توێژینەوەی تازەی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ زنجیرەیەک لە ڕاپۆرت و شیکاری نوێ پێشکەش دەکات کە بابەتی گرنگن لە بواری سیاسەت، ئاسایش، ئابووری، وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەگرێتەوە. ئەم بڵاوکراوانە ئامانجیان ڕەخساندنی گفتوگۆی بابەتیانە و تێڕوانینێکی ستراتیژییە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و کەسانی پەیوەندیدار بە گشتی.









































**• دەرفەتی توێژەر**

دامەزراوەی ڤیژن دەرفەت بۆ توێژەران دەڕەخسێنێت کە بەشداری لە پڕۆژەی جۆراوجۆردا بکەن. کەسانی ئارەزومەند هان دەدرێن داواکاری پێشکەش بکەن.



**• بانگەواز بۆ خوێندکارانی زانکۆ**

بانگەوازێک بۆ خوێندکارانی زانکۆ ڕاگەیەندرا کە ویستی بەشداریکردن لەدەستپێشخەرییەکانی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن. وردەکارییەکان لە ماڵپەڕی دامەزراوە بەردەستە.

## پلان و چالاکییەکانی داهاتووی دامەزراوەی ڤیژن

1. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)، ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژینەوەی ستراتیجییە، ئامانجیەتی کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ و پێشخستنی چارەسەری بەردەوام و هاوبەش.

2. یەکێک لە ئەولەویەتە ستراتیجییەکانمان بۆ قۆناغی داهاتوو، چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی کۆچبەرە گەڕاوەکان دەبێتەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئامانجمان پەرەپێدانی چارەسەری پراکتیکی و بەردەوام بۆ تێکەڵبونەوە لە ڕێگەی ئامادەکردنی (پۆلسی پەیپەر) کارنامەی سیاسەت لەسەر بنەمای بەڵگە و ئاسانکاری بۆ فۆکەس گروپەکان و گفتوگۆکانی کۆمەڵگا بەگشتی. ئامانجمان پشتگیریکردنە لە تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی گەڕاوەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا.

3. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە جێبەجێکردنی داڕشتنی پلانێکی گشتگیردایە، بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ڕاکێشانی وەبەرهێنان. ڕێبازەکەمان بریتییە لە دابینکردنی چارەسەری پشت ئەستور بە داتا و زانیاری، بڵاوکردنەوەی وتارەکانی سیاسەت، و چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکانی پەیوەست بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی.

4. یەکێک لە ئەولەویەتە ستراتیجییەکانمان ئەنجامدانی توێژینەوە و میوانداریکردنی گفتوگۆیە لەسەر لامەرکەزییەت و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە زیرەکەکان لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیا، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی شارەوانییەکان لە کەمکردنەوەی بارگرانییە کارگێڕییەکان و باشترکردنی کارایی و کوالیتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

## لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

لەگەڵ داخستنی سێهەم هەواڵنامەمان، دیدگای خۆمان بۆ خوێنەرانمان دووپات دەکەینەوە کە لەسەر ئاشتی و خۆشگوزەرانی و مافەکانی مرۆڤ بنیات نراوە. دامەزراوەی ڤیژن پابەندە بە پێشخستنی گفتوگۆی کراوە و لێکۆڵینەوەی کرداریی لە پێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ هەمووان.

لە پەیوەندیدا بن لە گەڵمان.

www.visionfoundationiq.org | info@vfssiq.org

Vision Foundation for Strategic Studies

| visionfoundationiq

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org